# تیرۆریزم و یاسای بازاڕ

## گفتوگۆی ڕۆژنامەی لۆمۆند لەگەڵ ئەنتۆنیۆ نێگری



لە ئینگلیزییەوە: هاوار محەمەد



*Toni Negry*

## سەرنجی وەرگێڕی کوردی:

ئـەم گفتوگـۆ کورتـە ڕۆژنامـەی لۆمۆندی فەرەنـسی، لـە ڕۆژی 3ی ئۆکتۆبـەری 2001دا، واتـە ماوەیەکـی کـەم دوای هێرشـەکانی 11ی سـێپتێمبەر بـۆ سـەر ئەمریـکا، لەگـەڵ فەیلەسـوفی ئیتاڵـی «ئەنتۆنیـۆ نێگـری» ئەنجامیـداوە، جـا لەبەرئـەوەی هێشـتاش جیهـان لەژێـر کاریگەریـی ئـەو تەقینەوانـەدا لـە دۆخـی کشـاندا دەژی و لەمەشـدا لـە گـەردوون دەچێـت کـە هێشـتا لـە ژێـر کاریگەریـی کشـانی تەقینـەوە گەورەکەدایـە، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانی بیکەیـن بـە کـوردی و بیخەینـە بەرچـاوی خوێنـەر. ڕەنگـە 11ی سـێپتێمبەر تەقینـەوەی گـەورەی سـەدەی بیسـتویەک بێت و ڕووداوەکانی دیکـە هەموویـان بەرەنجامـی ئـەم تەقینەوەیـە بـن تەنانـەت ئەگـەر (لـە غیـابی گۆڕانکارییەکـی ڕاسـتەقینە لـە ڕێـڕەوی جیهانـدا) بـگات بـە جەنگـی ئەتۆمیـش، واتـە خاپووربـوونی جیهـان، ئـەو سـاتەی کـە گـەردوون کاریگەریـی کشـانەکە دەگەیەنێـت بـە دواڕادەی خـۆی و ئیـدی کاریگەرییەکـەی بەسـەر خۆیـدا پێچەوانـە دەبێتـەوە، بـە مانایەکـی تـر هاتنەوەیەکـە گەورەکـە کـە دەبێتـە مایـەی وێرانبـوونی گـەردوون.

*****

**لۆمۆند: تۆ پێتوایە لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەرەوە ئیدی پێویست بێت جیاکارییەکی روونتر بکرێت لەنێوان دژە-ئیمپریالیزم و دژە-ئەمریکانیزمدا؟**

نێگری: هیوادارم دژە-ئەمریکانیزم کۆتایی پێهاتبێت. من هەرگیز وەها نەبووم، بە هەمان شێوە هەرگیز ئەنتی-ڕوسیاش نەبووم. من هەمیشە دژ بە سیاسەتەکانی سەرمایەداریی ئەمریکا بووم هەر بەو جۆرەی کە دژ بە سۆسیالیزمی روسیا بووم. کاتێک لە کەسێک دەپرسین داخۆ دژە-ئەمریکایە یان دژە-رووسیا، ئەمە مانای ئەوەیە بوترێت ئێمە سەبارەت بەوە پرسیار دەکەین کە ئاخۆ ئەو دژ بە نەتەوەیەکە یان نا. بە لای منەوە، نەتەوەکان دابەش بوون بەسەر دوو ئاستدا، ئەوانەی سەردەستن و ئەوانەی ژێردەستن. من لەگەڵ چەوسێنراوانی ئەمریکا و رووسیادام، دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکام لە ڤێتنام و دژ بە سیاسەتەکانی روسیاشم لە پۆڵەندا یان لە چیکۆسلۆڤاکیا. من بەوە زۆر دڵخۆش دەبووم کە لە 11ی سێپتێمبەردا پەنتاگۆن خاپووربووایە و ئەوان دەستیان لە کۆشکی سپییان نەپاراستایە، لەبری ئەوەی ببینین دوو تاوەرەکە خاپووردەکرێن کە پڕبوون لە هەزاران کرێکاری ئەمریکی، لەنێوان ئەوانەدا دەرکەوت کە نزیکەی هەزار کرێکاری «نایاسایی» هەبوون. دوژمنی من «ئیمپراتۆر» ـە، (ئەوانەی کە پێیاندەوترا سەرمایەدارەکان) جا نەتەوەکەیان هەرچییەک بێت.

*** لە کتێبی ئیمپراتۆریەت دا کە لەگەڵ نووسەری ئەمریکی «مایکل هارت»دا نووسیوتە. ئێوە جیهانی ئێستا وەك سیستەمێکی گلۆباڵی باڵادەستی شیکار دەکەن. داخۆ تیرۆری «ئیسلامی» لە دەرەوەی ئەم «ئیمپراتۆرییەت»ـە نییە؟**

- یەکێک لە وانە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی ئەم 11ی سێپتەمبەرە، ئەوەیە کە ئەمریکاییەکانیش خۆیان لەنێو ئیمپراتۆرییەتدا بینییەوە. دوورەپەرێزیی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکان تەواو بووە! من هاوڕای «دانیال بن سەعید» نیم کە پێیوایە کاپیتالیزم هێشتایش لە ڕێگەی دەوڵەت-نەتەوەوە گوزارشت لەخۆی دەکات. ئەم چیرۆکە ترسناکەی کە لە نیویۆرک ڕوویدا، جۆرێکە لە تراژیدیای شکسپیری. وا نییە؟ ئەوە خێزان، پادشا، یان باشتر بڵێین ئیمپراتۆر بوو کە خۆی داغان کرد، تەنانەت ئەگەر کارەکتەرەکانی وەکو بوشی کوڕ و هاورێکانی بە فیعلی لە پلانەکەدا نەبوون و نەپێکرابن. ئێمە ململانێیەک دەبینین لەنێوان دۆلار-تاڵیبان و نەوت-تاڵیبان ــدا، کە هەر یەکێکیان لەگەڵ



**من بەوە زۆر دڵخۆش دەبووم کە لە 11ی سێپتێمبەردا پەنتاگۆن خاپووربووایە و ئەوان دەستیان لە کۆشکی سپییان نەپاراستایە، لەبری ئەوەی ببینین دوو تاوەرەکە خاپووردەکرێن کە پڕبوون لە هەزاران کرێکاری ئەمریکی**

ئەویتریاندا، یەکێیان لەسەر ئەویتریان بنیاتنراون، ئێستایش ئەوە ڕقوکینەیە زاڵ بووە. ئەمە مەسەلەی جەنگ نییە، بەڵکو مەسەلەی تۆڵەسەندنەوەیە! ئەی تۆ نازانیت ئەوە چەند ترسناکە جارێکی دیکە لەنێو ئەو واقیعە کۆنەی تووندوتیژیی شکسپیریدا نغرۆ ببین، لەنێو ئەم کەشی کەڵەکەکردنە سەرەتاییەدا (سەرەتایی = ناشارستانێتی) بەو جۆرەی مارکس باسی کردووە، بخنکێین؟

***لە دوای هێرشەکانەوە گەڕانەوەیەکی دڵخوازانە هەیە بۆ دەوڵەتی نەتەوە، کە ئێستا داوای لێدەکرێت ببێتە دەزگای ڕێکخەری نیشتمانی و نێودەوڵەتی؛ تۆ ئەمە چۆن تەفسیر دەکەیت؟**

- باشترین شت بۆ سەرنجدان لەم سی ساڵەی ڕابردوو سەرنجدانە لە زاڵبوونی یاسای بازاڕ Lex Mercatoria. ئەم یاسایە هەموو شەرعییەتێکی لە دەوڵەت داماڵیووە. لەبەر ئەمەیە کە یاسای بازاڕی بۆ دانراوە، چونکە پێکهاتەکانی تر شکستیان هێناوە، بۆیە پێویستە دەوڵەت دەستوەردان بکات. دەبێت فرانسوا ئیوالدی هاوڕێم ڕەخنەی خۆی بکات و خۆ-ڕەخنەگەراییەکەی ئەنجام بدات، ئەو وەکو هەموو فۆکۆییە ڕاستڕەوەکان پێیوایە یاسای بازاڕ لە دەرەوەی گەرەنتیی دەوڵەت ئیش دەکات.

لەمڕۆدا ئەوە فۆکۆ ڕاستەقینەکەیە بردوویەتییەوە، ئەو فۆکۆیەی کە لە شیکاریی کۆنترۆڵدا پەیڕەویی لە مارکس کردووە. بازاڕی ئازاد هەرگیز بوونی نەبووە، ئەم بازاڕە هەمیشە چاوبەست بووە. وەکو فۆکۆ زۆر بە دروستی دەڵێت، ئەوە جەنگ نییە کە درێژە بە سیاسەت دەدات، بەڵکو ئەوە سیاسەتە کە درێژە بە جەنگ دەدات. جەنگ بنچینەی سیاسەتە!

*** ئایا دەشێت ئەم دۆخە بەراورد بکرێت بەو شۆڕشە شاراوەی کە تۆ وەک ڕابەری بزووتنەوەی چەپی توندڕەوی سەربەخۆیی کرێکاران، لە ساڵانی حەفتای ئیتاڵیا [لە سەدەی بیستەمدا] تێیدا بەشدار بوویت (حوکمی سیانزە ساڵ زیندانی، کە لەلایەن ڕژێمێکی نیمچە ئازادەوە دەرچوو) ؟**

- ساڵانی حەفتاکان هەر لە سەرەتاوە پێکهێنەری دەرچوون بوو لە مۆدێرنیتی. لەمڕۆدا ئێمە لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیتیداین. من هەرگیز تیرۆریستێک نەبووم، بەڵام دەمتوانی وەک تیرۆریستێک هێما بۆ خۆم بکەم. پاش هەموو شتێکیش، من باجی زۆرم داوە. بەڵام ئەوە مەسەلەی پەرگیریی بەکۆمەڵ بوو. ئێمە خۆمان خستە دیالەکتیکی دەوڵەتی یاساوە، خۆمان خستە نێو دیالەکتیکی نێوان سۆسیالیزم و فاشیزمەوە، نێو خەباتی نێوان سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە. لەمڕۆدا، چیتر سەروەریی زیاتر بوونی نەماوە. هەر خودی بناغەی سەروەری لەنێو دۆخی هەماهەنگیی ماشێنی جەنگدا -کە هی سەرمایەداریی جیهانییە- بە تەواوەتی گۆڕانکاریی بەسەر خۆیدا هێناوە. ئێستا کە کەوتووینەتە نێو ئەم پشێوییە گەورەیەوە لە خۆمان دەپرسین: کێ کۆنترۆڵی هەموو ئەمانەی کردووە؟ ئەمە پرسیارەکەیە! ئەمریکییەکان هەوڵدەدەن ببنە پێشەنگ. دەبێ چی بکرێت؟ «دەرچوون» ، پاشەکشە لە مشتومڕ ، بیابانشینی ، کۆچکردن بۆ کۆتایهێنان بە: کار، جەنگ، مەعریفە. ئەمە مانای دامەزراندنی ژیانێکی دیکەیە کە هەمان ئەو ژیانەی «سەردارەکان» نییە؛ «تاڵیبانی دۆلار و تاڵیبانی نەوت».

**سەرچاوە:**

Interview with Toni Negri in the aftermath of the 911- attacks in Le Monde newspaper، 03 October 2001.

https://libcom.org/library/interview-le-monde-negri